

# رانیە
# کەمی و نزمی ئاستی پرۆژە خزمەتگوزارییەکان

رانیە یەکێکە لەو قەزا گەورانەی پارێزگای سلێمانی کە لەساڵی ١٨٧٩ بۆتە قەزاو ئێستاکە بڕیاری بەئیدارەبوونی بۆ دەرچووە، رووبەری قەزای رانیە ٨٨٤ کیلۆمەتر چوارگۆشەیەو ناحیەکانی (چوارقوڕنەو حاجیاواو سەرکەپکان و سەروچاوەو ١٤٦ گوند لەخۆدەگرێت کە تەنها ١٣ گوندی ئاوەدان نەکراونەتەوە). ژمارەی دانیشتوانی ئەم قەزایە بەپێی فۆڕمی ئازووقە ٢٠٤ هەزار کەسە، بەڵام بەپێی داتای راستەقینە نزیکەی ٢٥٠ هەزار کەس تێیدا نیشتەجێیە و تادێت ژمارەی دانیشتوانەکەی زیاتر دەبێت. وەکو تیمی گۆڤاری گوڵان گەیشتینە (دەروازەی ڕاپەڕین) تاوەکو لە نزیکەوە گوێ لە داواکاری و خواستەکانی هاوولاتیانی شاری رانیە بگرین . بۆ ئەم مەبەستە ژمارەیەك لەناوچەو گەڕەکەکانی رانیەمان بەسەرکردەوەو چەند پرسیارێکمان ئاراستەی هاوولاتییان کرد و تیشکمان خستە سەر کارە خزمەتگوزارییەکان، خەڵکی ئەو دەڤەرە پێیانوابوو:(گەرچی چەند پرۆژەیەك لەناوچەکە ئەنجامدراوە، بەڵام بەپێی خواست و پێداویستی ئەوان نییە). نەبوونی بینایەی قوتابخانەو کێشەی ئاوی خواردنەوەو تەواونەکردنی پرۆژەکانی نیشتەجێبوون و دواکەوتنی جێبەجێکردنی جووت سایدی نێوان دوکان – رانیە کە بڕیار بوو لە ٢٠١١ ئەم ڕێگایە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە و دەیان بابەتی تری پێوەندار بەبارودۆخی ژیانی هاوولاتییانەوە رەخنەو گلەیی خەڵکی بوو کە پێیان وایە بوونی ئەو کەموکوڕیانە لەگەڵ بڕیاری بە ئیدارەبوونی رانیە ناگونجێت.







گەڕەکەکانی ماردین و دابان و هەوارە بەرزە بێ خزمەتگوزارین

لە قوتابخانەکان سێ دەوامی و چوار دەوامی هەیە

لە ٢٠٠٥ەوە پرۆژەی ئاوی دەربەند تەواو نەبووەو گرفتی ئاوی خواردنەوە هەیە

بودجەی شارەوانی رانیە بەشی پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆی یەک گەڕەک ناکات



بەرهەم ئەحمەد

قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت بۆ گوڵان:

# مافی هاووڵاتیانە لە نەبوون و کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکان گلەیی بکەن

**خراپی خزمەتگوزاریەکان و قیرتاونەکردنی شەقام و کۆڵانەکان**

یەکێك لەخەمەکانی کاسبکاران لەناو بازاڕی سەرەکی رانیە تێکدانی ئەو دوکانانەیە کە بەر پرۆژەی دروستکردنی شەقامی دووساید دەکەون، لەمبارەیەوە عومەر عیسا کە خاوەنی چایخانەیەك بوو لە بازاڕەکەدا وتی: (ئەگەر بێتوو ئەو دوکانانە تێك بچن پێویستە حکومەت ئاگاداری ئێمە بێت و قەرەبوومان بکەنەوە یا بازاڕێکمان بۆ دروست بکەن و دواتر دوکانەکان بڕوخێنن..). هەر لەناو بازاڕەکەدا چەند دوکاندارێکی ترمان دواند کە زۆربەیان کرێچی بوون و باسیان لەوە دەکرد کە بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو دوکان و کاسبیانەیە هەربۆیە نابێت بێ دۆزینەوەی بەدیل پرۆژەی دوو سایدەکە ئەنجام بدرێت. دواتر لەم سەردانەماندا روومان لە گەڕەکەکانی دابان و ماردین و هەوارە بەرزە کرد کە سێ گەڕەکی تازەو بێ خزمەتگوزارین، سەرەتا لە گەڕەکی هەوارە بەرزە کۆمەڵە هاووڵاتییەك بەیەکەوە وەستابوون یەکێك لەوانە بەناوی مەجید حەمەد ئەمین وتی:( ئەو گەڕەکەمان گوند بووەو کەوتۆتە ناو سنووری شارەوانی سەنتەرەوە، بەڵام نابێت لەهەموو خزمەتێك فەرامۆش بکرێین، ئێمە لەم گەڕەکە بارودۆخی ژیانی ڕۆژانەمان زۆر خراپە لەبەر نەبوونی خزمەتگوزارییەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و بێسەروبەری کۆڵان و شەقامەکانی کە هەر هەموو ئەو گەڕەکە تاکە یەك مەتری کۆڵان و شەقامەکانی نەك قیرتاو نەکراوە، بەڵکو بە شۆفڵ و گرێدەر خۆشیشیان نەکردووە و زبڵوخاشاکی گەڕەکەکە بەشێوەیەکی باش کۆناکرێتەوە و لەپاشان فڕێ بدرێت. لەگەڕەکی دابانیش هاوڵاتی ئاکام ئەحمەد وتی: هەردوو گەڕەکی دابان و ماردین لەرووی خزمەتگوزاریەوە زۆر پشتگوێخراون بەتایبەتی لەلایەنی نەبوونی ئاوەڕۆ و خراپی کۆڵان و شەقامەکانیان ئەوە دەبینن هەر هەموو بەرزو نزمەو سەرتاپاشی قوڕو لیتەیە و ڕۆژانە لە هاتوچۆ کردندا بە تایبەتی منداڵ و قوتابییەکانمان تووشی ماندووبوون و زەحمەتیەکی زۆر دەبن. ئەم هاووڵاتیە باسی لە کێشەی کەم ئاویش کرد، ئەمە لەکاتێکدا لەدەربەند چەندین ساڵە پڕۆژەیەکی ئاوی خواردنەوە لەژێر ئەنجامدانە و تەواو نابێت و خەڵکەکە لێی بێ ئومێدبوون .

**پڕۆژەی ئاوی دەربەند**

**لە٢٠٠٥ەوە دەستی پێکردووەو تا ئێستا تەواو نەبووە**

سەبارەت بە گرفتی ئاوی خواردنەوە بەرادەیەکە زۆربەی گەڕەکەکانی رانیە لە دوو رۆژو شەودا یەکجار ئاویان دێتەوە لەمبارەیەوە فارس ئیسماعیل لە بەردەم پڕۆژەی ئاوی خواردنەوەی دەربەند راوەستابوو وتی: ( لە ناو سەنتەری قەزاو ناحیەی حاجیاوا و گەڕەکەکان کێشەی نەبوون و کەمی ئاوی خواردنەوە هەیە و ئەو پڕۆژەیەی دەبینن ماوەی چەند ساڵە دەستی پێکردووەو بێ ئاکام بووەو تەواو نەبووە تەنانەت پێ ناچێت تەواو بێت، چونکە ئەوە چەندین جارە کاری تێدا رادەوەستێت و دەڵێن لە زۆر رووەوە لە سەرەتای دەست پێکردنی کەموکوڕی و کێشەی هەیە..

**گرفتی قوتابخانەکان و دەوامی قوتابیان**

سەبارەت بەگرفتی قوتابخانەکانی ئەو شارە کە زۆر خراپن و تا ئێستاش سێ دەوامی و چوار دەوامی هەیە هاوڵاتی ئیسماعیل جەعفەر وتی: بەهۆی دوو دەوامی و سێ دەوامیەوە بەم سەرما و سۆڵە دەبێت منداڵەکانمان بەیانیان زۆر زوو لەخەو هەستن و ئامادەبکرێن بۆ دەوام، تەنانەت ماوەی وانە و دەوامیان کەمە و بە باشی فێرنابن. هەروەها قوتابی پۆڵا محەمەد لە وەڵامی پرسیاری ئێمە دەربارەی ڕەوشی لاوان و پەروەردە وتی: قوتابخانەکانی سەنتەری رانیە هەندێکیان بە پێی پێویست نییە و تا ئێستاش نەك دوو دەوامی بەڵکو سێ دەوامی و چوار دەوامیش لەم شارە هەیە، لەلایەکی تر کێشەیی نەبوونی مامۆستامان هەیە بە تایبەتی وانەی فیزیاو ئینگلیزی و کیمیا و بیرکاری، هەروەها لە لایەنی لاوانەوە کێشەو کەموکوڕی زۆرە هەر لەوانە نەبوونی یاریگایەکی شیاوی تۆپی پێ و لە قوتابخانەکانیش هیچ گرنگییەك بەکارو ئیش و جموجوڵی لاوان نادرێت هەر بۆ نموونە وێنەکێشان و مۆسیقاو وەرزش و کارە و چالاکییەکانی تری

**تا ئێستا نەمانتوانیوە یاریگایەکی ١١کەسی تۆپی پێ بۆ وەرزشکاران دابین بکەین**

هونەری. لە سەردانی گەڕەکی سەیداواشدا ئافرەتێك بە ناوی زەینەب رەسول کە دوو منداڵی قوتابی لە شەقامە سەرەکییەکە دەپەڕاندەوە دیاربوو بۆ قوتابخانە دەچوون ئەو ئافرەتە هەمان رەخنەی هەبوو بەوەی لەبەر دووری و قوڕو لیتەو سێ دەوامی ئەو منداڵە بچووکانە دەبێت بەو بەیانیە زووە لەخەو هەڵسن و لەگەڵ خۆمدا بۆ قوتابخانەیان ببەم.



# نەبوونی پرۆژەی ئاودێری لەناوچەکە زیانی بە جوتیاران گەیاندووە

**کەرتی کشتوکاڵ و جوتیاران فەرامۆشکراون**

رانیە بەناوچەیەکی کشـــتوکاڵی دادەنرێت، بەڵام لەچەند گوندێکی ســـنوورەکە رەخنەو گلەیی لە نەبوونی پرۆژەی ئاودێــری و هاوکاری نەکردنی جوتیاران هەبوو هاووڵاتی زوبێر قاسم کە پیشەی جوتیارییەو دانیشـــتووی گوندێکی ســـنوورەکەیە بەمەبەســـتی کرێکاری هاتبووە ناو ســـەنتەری قەزای رانیە بۆ ئەوەی بژێویی خاو و خێزانەکەی پەیدا بکات وتی: من خاوەنی زەوی خۆمم کەچی ناتوانـــم بژێوی ژیانی خۆمی پــێ دابین بکەم، چونکە حکومەت و وەزارەتی کشـــتوکاڵ زۆر کەم هاوکاری و یارمەتی جوتیاران دەدەن بەتایبەتی لە پێدانی قەرزی کشـــتوکاڵی کە ئەمەش بۆ هەموو کەســـێك نییە، لەلایەکی ترەوە نەبوونی پرۆژەی ئاودێــری لەناوچەکە وای لێکەوتۆتەوە کە جوتیـــاران نەتوانن لەچەند وەرزێکدا لەســـەر زەوییەکان کار بکەن بگرە ساڵانە تەنیا یەك وەرز بۆ چاندنی دانەوێڵە سوود لە زەوییەکانیان وەردەگرن.

**لە نەخۆشخانە هەموو نەشتەرگەرییەك ئەنجام نادرێت**

هاوڵاتی عومەر عەبدوڵا گلەیی لەنزمی ئاستی خزمەتگوزارییە پزیشـــکیەکان هەیـــەو دەڵێت بۆ نەشتەرگەری و پشـــکنینی پزیشکی ناچار روو لە شاری سلێمانی یا هەولێر دەکەین تەنانەت من دوو جار ســـەردانی ئێرانم کـــردووە، هەربۆیە ئەم هاووڵاتییە باس لەوە دەکات خەڵکی بەئیداربوونی رانیەیـــان زۆر پێخۆشـــبوو هەربۆیـــە پێویســـتە نەخۆشـــخانەو یەکە تەندروستیەکانیش بەپێی ئەو بریارە بێت و نەخۆشـــخانەکان دکتۆری پســـپۆڕو ئامێری پزیشـــکی پێشـــکەوتووتری بۆ بهێنرێت، چونکـــە بەوتەی ئەو هاووڵاتیـــە هەندێك جۆری نەشتەرگەری لەنەخۆشخانەی رانیە ناکرێت .

**ماستەرپلانی رانیە لە بەرنامەو پلانی ٢٠١٢دایە**

نەبوونـــی ماســـتەرپلان یەکێکە لـــەو گرفتانەی رووبەرووی رانیە بووەتەوە، چونکە بێ ماستەرپلان ناتوانرێت بەشـــێوەیەکی زانستی و رێکوپێك کارو پرۆژەکان ئەنجـــام بدرێت، ســـەبارەت بەنەبوونی ماستەرپلان و کە هۆکارو نەخشە رێگایە بۆ کارکردن و ئەنجامدانی پرۆژەکان بەرهەم ئەحمەد قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت وتی: وەزارەتی شـــارەوانی گەشـــتوگوزار ئەنجامدانی ماستەرپلانی قەزای رانیەی خســـتۆتە بەرنامەوە کە لە ســـاڵی ٢٠١٢ ئەنجام بدرێت، گرنگی ماســـتەرپلانیش لەوەدایە بەهۆی ئەو نەخشـــەرێگایەوە دەزانرێت ئاراستەی شـــار دیاری بکرێت و چۆن گەشـــە بەشـــارەکە دەدیت و شوێنی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی وەکو قوتابخانەو بنکەی تەندروســـتی و نەخۆشـــخانە و پـــارك و باخچە لە ناو ماســـتەرپلانەکەدا دیارو جێگیر دەکرێت، هەروەها لـــە ئەنجامدانی پرۆژە خزمەتگوزارییەکانـــی وەکو ئاو و ئاوەڕۆ و کارەباو کۆنکرێت و قیرتاوکردنی شەقام و کۆڵانەکانی ناو گەڕەکەکان و گەیاندن کەمترین کێشە ڕووبەرووت دەبێتەوە.

**دواکەوتنی جێبەجێکردنی بەئیداربوون**

ســـەبارەت بە رەخنەو گلەیـــی خەڵکی بەوەی بۆ مامەڵەیـــەك دەبێت روو لە ســـلێمانی بکەن ئەمە لەکاتێکـــدا ماوەیەکە بڕیاری بە ئیداربوونی رانیە دەرچووەو ئەو بڕیـــارە نەچۆتە بواری پراکتیکیەوە قایمقامـــی قـــەزای رانیە بەوەکالـــەت وتی: بۆ جێبەجێکردنـــی ئەو بڕیارە لە بەشـــی یاسـایی ســـەرۆکایەتی هەرێـــم و ئەنجومەنـــی وەزیرانەوە گرفتی رێکخســـتنی دەســـەڵات و دابینکردنی بودجـــە بـــۆ ئیدارەکە دروســـت بـــووە و هەر ئەم گرفتەشە وایکردووە دوابکەوێت، بەڵام ئەو بڕیارە ئـــەوەی تایبەتمەندی بە قـــەزای رانیەوە هەبێت ئەوە ئێمە دەتوانیـــن هاوکارێکی باش بین بۆ ئەو ســـتافەی کە دێت لێرە کار لە ئیدارە سەربەخۆکە دەکات، چونکە زۆربـــەی ئیدارەو فەرمانگەکانی قەزاکە بەڕێوەبەرایەتین، هاوکات لەرووی ستافی هونەری و ئیدارییەوە دەتوانین هاوکاری ئەو ئیدارە سەربەخۆیە بکەین. بە بوونی ئەو ئیدارە سەربەخۆیە گرفتی هاووڵاتیان لە (٥٠٪ بۆ ٧٠٪) بە تایبەتی لە رووی رۆتین و ئیدارەوە کەم دەبێتەوە.

**خزمەتگوزارییەکان بەمنزیکانە تەواو نابێت**

سەبارەت بە کەموکوڕی و گرفتی خزمەتگوزاری بـــە تایبەتی لە رووی ئـــاو و ئاوەڕۆ و کۆنکرێت و قیرتاوکردنـــی کـــۆڵان و شـــەقامەکانی نـــاو گەڕەکـــەکان قایمقامی قـــەزای رانیە بەوەکالەت وتی: ســـەبارەت بە پرۆســـەی خزمەتگوزاری لە ناو رانیەدا یەکەم شـــت ئەوەیە وەزارەتی شارەوانی دوو ســـاڵە ( ٢٠١١و ٢٠١٢) بۆ هەر ســـاڵێکی تەنیا یەك ملیارو نیو بۆ شـــارەوانی رانیە دیاری دەکات و ئـــەم برە پارەیەش بەشـــی پرۆژەی ئاو و ئاوەڕۆی یـــەك گەڕەکی رانیە ناکات، هەربۆیە بودجەی پەرەپێدان و نەوتیشمان خستۆتە خزمەتی شارەوانییەوە و سێکتەری کارەباوە بۆ ئەوەی کارو پرۆژەکانی پێ ئەنجام بدرێت. گرفتی سەرەکیمان وەکو ئاماژەم پێدا ئەوەیە شارەوانی بودجەکەی زۆر کەمە، ئەگەر وەزارەتی شـــارەوانی بیەوێت کێشەو گرفـــت و کەموکوڕیەکانی ناو رانیە چارەســـەر بکات ئەوە پێویســـتی بە ٩٨ملیار دینارە لەم ٩٨ ملیارە رانیە پێویستی بە شەقامێکی بازنەیی هەیە بە چواردەوری شـــارەکەدا کە تەنیا ئەو شـــەقامە بڕی ٤٠ملیـــار دیناری پێویســـتە، کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی شـــارەوانی رانیە بە پێی ئەو بودجەی کە دوو ســـاڵی رابردوو بۆی تەرخانکراوە بە ٨٥ســـاڵی تر ئینجـــا دەتوانێ هەمـــوو کارو پرۆژەکانی ناو سەنتەری شارەکە جێبەجێ بکات. هەر بۆیە مافێکی سروشـــتیە کـــە هاووڵاتیان لە نەبـــوون و کەموکوڕی خزمەتگوزارییەکان گلەیی بکەن.

**پرۆژەی ئاوی دەربەند**
**یەکێکە لە پرۆژە خراپەکانی سنوورەکە**

ســـەبارەت بەتەواو نەبوون و وەســـتانی پرۆژەی ئاوی دەربەنـــد قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت وتی: یەکێك لەو پرۆژە خراپانەی کە لەم ســـنوورە هەیە لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستی پێکردووە و ئێستاکە ســـاڵی٢٠١٢ هەر تەواو نەبووە پـــرۆژەی ئاوی دەربەنـــدە و ئەمـــەش بۆتە شـــتێکی ناخۆش بۆ ئیدارەی سنوورەکە، لەکاتی دەستبەکاربوونم لەگەڵ قایمقامـــی قەزای پشـــدەر هەردووکمان بەیەکەوە



## له سنوورەکە کارو پڕۆژەی گەشتوگوزاری ئەنجام نەدراوە

سەردانی پارێزگای سلێمانیمان کرد ئەو سەبارەت بە پڕۆژەی ئاوی خاس و منیش سەبارەت بە پڕۆژەی ئاوی دەربەند و ئەو گرفتەی کە لە پڕۆژەی ئاوی دەربەند دروســـتبووە گرفتی کارەبایە و بای شەش ملیۆن و نیو دۆلارە، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتە وەزارەتی شـــارەوانی نووسراوێکی بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنـــی وەزیران بۆ ئەوەی ئـــەو بودجەیەی بۆ دابین بکرێت، بەڵام تا ئێســـتاکە ئەو نووسراوە بە فەرمی لە لایـــەن ئەنجومەنی وەزیرانەوە وەڵام نەدراوەتەوە. بەتەواوبوونی ئەو پڕۆژەیە سەنتەری قەزاو ناحیەکانی چوارقوڕنەو حاجیاوا لە ٧٥٪ی کێشەی ئاوی خواردنەوەیان چارەسەر دەبێت. هەر بۆیە ئێستا پارێزگاری سلێمانی لیژنەو بۆردێکی لـــە بەڕێوەبـــەری ئـــاوی دەوروبـــەرو کۆمەڵێك ســـتاف و ئەندازیاری شـــارەزاو بە ئەزموونی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە پێکهێناوە و سەردانی پڕۆژەکەیـــان کردووە بـــۆ ئەوەی بزانـــن ئەگەر پڕۆژەکەش تەواو بێت ئـــاو دەگاتە ماڵان یان نا. لەمبارەشـــەوە ڕاپۆرتێك ئامادەکراوە و بە پارێزگار دراوە و ئێستاکە لەبەر ئەوەی پارێزگاری سلێمانی بـــۆ ئەو پڕۆژەیـــە کەوتۆتە ســـەرخەت بۆیە من ئومێدێکی باش و زۆرم پەیداکردووە لە ماوەیەکی نزیکدا ئەو پڕۆژەیە تەواو بێت و بکەوێتە خزمەتی هاووڵاتیانی شـــارەکە. ئیمە وەکـــو یەکەی ئیدارە ســـەرۆکی لیژنەی وەرگرتنی هەموو پڕۆژەیەکین بۆیە هەر پڕۆژەیەك لە ١٠٠٪تەواو و ســـەرکەوتوو نەبێت ئەوە وەرناگرین و بەلێندەرەکەش بەپێی یاسا لێپێچینەوە و مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

### نەبوونی فەرمانگەیی گەشتوگوزاری یەکێکە لە گرفتەکانی گەشتیاری سنوورەکە

ســـەبارەت بەوەی ناوچەکەی رانیـــە ناوچەیەکی گەشتوگوزارییە بەتایبەتی لای دەربەندەکە بۆچی هیچ پڕۆژەیەکی گەشـــتیاری تایبەت بۆ ئەنجام نەدراوە قایمقامی قـــەزای رانیە بەوەکالەت وتی: تا ئێســـتا گرفتەکانی بواری گەشـــتوگوزار لە ســـنوورەکەدا هەیە، یەکەم نەبوونی فەرمانگەی گەشـــتوگوزار لـــە قەزاکەدا کە زۆر پێویســـتە، بەڵام ئێســـتاکە فەرمانی کردنەوەی فەرمانگەی گەشـــتوگوزارمان بـــە هـــاوکاری بەڕێوەبەری گشتی گەشـــتوگوزاری ســـلێمانی دەرکردووە و بەرپرســـی فەرمانگەکەش دەستنیشـــانکراوە و لە هەوڵـــی دابینکردن و ئامادەکردنی ســـتافەکەین، چونکە ئێســـتا دامەزراندن نییـــە و دەبێت لە ناو فەرمانگەکانی تری رانیە چەند فەرمانبەرێك بۆ ئەو مەبەســـتە بدۆزینەوە و لەکاتی دروستکردنی ماســـتەرپلانی شـــارەکەدا پێویســـتە نوێنـــەری فەرمانگەی گەشـــتوگوزاری رانیەش ئامادەبن بۆ وەرگرتنی بیروبۆچـــون و داواکارییەکانیان بە تایبەتی لەسەر شوێنە گەشتیارییەکانی سنوورەکە. هەروەها یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی رانیە شاخی کێوەڕەشە لەگەڵ ئەو دارستانە جوانەی کە لەوێدایە و لەوەرزی ســـەیران و گەشتیش زیاتر خەڵکی ئەو شـــارو سنوورە ڕوو لەو شاخ و شوێنە دەکەن، بەڵام بەداخەوە پیســـی و زبڵ و خاشاکێکی زۆر لەوێ کۆدەبێتەوە و چەندین جار هەڵمەتی پاککردنەوە لە لایەن شـــارەوانی و کرێکارانی دارستان و لایەنی تری قەزای رانیەوە ئەنجامدراوە هەر بێ سوودبووە، چونکە ئەو خەڵکەی بۆ ســـەیران و گەشـــتکردن دەچنە ئەو شـــوێنە پابەنـــدی ڕێنماییەکان نابن و پاك وخاوێنی شـــوێنەکان ناپارێزن. بەگشـــتی لە ســـنوورەکە کارو پڕۆژەی گەشتوگوزاری ئەنجام نەدراوە.

### هاووڵاتیان بۆ پاك و خاوێنی شارەکە هاوکاری شارەوانی ناکەن

سەبارەت بە کۆکردنەوە و فڕێدان و خۆڕزگارکردن لە زبڵ و خاشـــاك لە ناو گـــەڕەك و بازاڕەکانی سەنتەری شـــارەکە و هۆکاری مانەوەی ئەو زبڵ وخاشاکە لە ناو هەندێ لە گەڕەکەکان قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت وتی: ئەو کارەی ئێســـتا لەبارەی پاککردنەوەی شـــار لەلایەن شارەوانییەوە ئەنجام دەدرێت سیســـتەمێکی کۆن و تەقلیدیە و پاك و خاوێنی گەڕەك و شـــارەکە بە تەنیا کاری شـــارەوانی نییە، بەڵکـــو هاووڵاتیانیـــش دەبێت هاوکاربن و زبڵ و خاشاکەکەیان بە ڕێکوپێکی لە ناو کیسی نایلۆن یا حاویە دابنێین و چاوەڕوانی تیم و ئۆتۆمبێل و ئامێری شـــارەوانی بکەن بۆ ئەوەی بێت بیبـــات نەك وەکو ئەوەی ئێســـتا لە هەندێ شـــوێن و گەڕەك هاوڵاتیان زبڵ و خاشاکەکانیان فڕێدەدەنە ناو کۆڵان یا گۆڕەپان و شوێنی بەتاڵ لە گەڕەکەکانیان یا لە ناو ئۆتۆمبێلەکەشـــی ئاو و خواردنەوەکان دەخوات لەپاشـــان بوتڵە بەتاڵەکە فڕێدەداتە سەر شەقامەکان کە ئەمەش دیاردەیەکی ناتەندروست و نەشـــیاوە لەگەڵ ژیانی سەردەم و مرۆڤدا و هۆکارێکی نەخۆشـــی و بڵاوبوونەوەی مێش و بۆنی ناخۆشە لە ناو گەڕەك و شارەکەدا. هەروەهـــا خۆڕزگارکردن لە زبڵ و خاشـــاکەکەش زۆر خراپـــە لەبەر ئەوەی دەســـووتێنرێت و دەبێتە هۆکارێکی پیسبوونی ژینگەی شارو سنوورەکە.

### قەسابخانە رانیە مەرجی تەندروستی تێدا نییە

سەبارەت بە نەبوونی عەلوەو قەسابخانە کە ئێستا کەوتۆتە ناو سەنتەری شارەکەوە قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت وتی: ئەو قەسابخانەیە هەیە زۆر کۆنەو ئێستا شوێنەکەشـــی باش نییە و کەوتۆتە ناوەڕاستی قەزاکە و مەرجی تەندروستیشی تەواو نییـــە هەر بۆیە لـــە ماوەی رابردوو وەکو ســـزاو لێپێچینەوە بۆ چەند ڕۆژێك دامانخست، بۆ ئەوەی قەســـابخانەیەکی تازەو هاوچەرخ دروست بکەین ئێســـتاکە لەگەڵ سەرۆکی شـــارەوانی رانیە لە توێژینەوە و کاردایین کە ئەمســـاڵ لەسەر بودجەی پەرەپێـــدان ئەو پڕۆژە گرنگە لە بەرنامە دابنرێت، هەر بـــۆ ســـەربڕخانەکە لە دیراســـەی ئەوەدایین شوێنی سەربڕخانە کۆنەکە بدەین بە وەبەرهێنێك بۆ پڕۆژەیەکی گەشتیاری یا بازرگانی و لە بەرانبەر ئەوە وەبەرهێنەکە ســـەربڕخانەیەکی مۆدێرنمان بۆ

## لە ڕووی دروستکردنی قوتابخانەوە غەدرێکی گەورە لە رانیە کراوە



## به ئیدارەبوونی رانیە کێشەی دەسەڵات و بودجە دابینکردنی هەیە

دروست بکات.

### لە ساڵی ٢٠١١ بەپێی پێویست قوتابخانە بۆ قەزاکە دروست نەکراوە

سەبارەت بە ڕەوشی پەروەردەو کەمی بینایەو هەبوونی دوو دەوامی و سێ دەوامی قوتابخانەکان کە لەمبارەوە هاووڵاتیانی قەزای رانیە گلەیی زۆریان هەیە قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت وتی: گرفت و کێشەی کەمی بینایەی قوتابخانە یەکێکە لە گرفتە سەرەکییەکانی پڕۆسەی خوێندن لە قەزای رانیە، چونکە زۆربەی زۆری بینایەی قوتابخانەکان سێ دەوامییە و هەندێکیش هەیە چوار دەوامی تێدایە. لە ساڵی ٢٠١١ لە رووی دروستکردنی قوتابخانەوە غەدرێکی گەورە لە قەزای رانیە کرا، چونکە لە ٢٠١١ بە سەنتەری قەزاو ناحیەکان و هەموو سنوورەکە تەنیا ٨بینایەی قوتابخانەمان بۆ دروستکرا، گەرچی ئێمە نزیکەی٧٣هەزار قوتابیمان لە هەموو سنووری قەزاکەدا هەیە، هەروەها لە میلاکات کێشە لە نەبوون و کەمی مامۆستای وانە زانستییەکان هەیە.

### کۆمپانیای بەرێز لە ١٨٣٥یەکەی نیشتەجێبوون تەنیا ٣٢٥یەکەی بێ خزمەتگوزاری دروستکردووە

سەبارەت بەو کۆمپانیانە وەبەرهێنانەی کە پرۆژەی نیشتەجێبوونیان دروستکردووە و هەندێکیان لە کارەکانیان سەرکەوتوو نەبووینە یا کارەکانیان ڕاگرتووە قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت وتی: لە قەزای رانیە دوو کۆمپانیا (ڕۆژستی و بەرێز) هاتوون خانووی نیشتەجێبوون دروست بکەن، کۆمپانیای بەرێز بڕیاربوو ١٨٣٥ یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکات، کەچی تا ئێستا تەنیا ٣٢٥ یەکەی نیشتەجێبوونی دروست کردووە و بڕیاربوو کارو پرۆژە خزمەتگوزارییەکانیش لە٥٠٪ی لەسەر کۆمپانیاکە بێت، گەرچی تا ئێستا هیچ پرۆژەیەکی خزمەتگوزاری ئەنجام نەداوە، بۆ کەموکوڕیەکانی ئەو لایەنە لەلایەن سەرۆکایەتی شارەوانییەوە نووسراوێك بۆ ئاگاداری لەم کێشەیە بۆ وەبەرهێنان کراوە، بەڵام نەبوونی فەرمانگەی وەبەرهێنان لە قەزای رانیە یەکێکە لە کێشەکانی وەبەرهێنان لە سنوورەکەدا.

### دوو سایدی رانیە – دوکان قۆناغی یەکەمی بەردی بناغەی بۆ دانراوە

سەبارەت بە دوو سایدەکەی کە زۆرجار بڕیارو بەڵێن دراوە ئەنجام بدرێت قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت وتی: سەبارەت بە دوو سایدی چوارقوڕنە –هیزۆپ یا رانیە– دوکان ئەو دووسایدە بە سێ قۆناغ دەکرێت یەکەم قۆناغ لە رانیە بۆ بێستانەیە و ١٨کیلۆمەترە و بەردی بناغەی بۆ دانراوەو ڕووپێو کارە ئەندازیارییەکانی تەواوبووە و لەبەر باران و کەش و هەوا کە دەستی پێنەکردووە، پرۆژەکە کاری تێدا ناکرێت و قۆناغی دووەم ١٩کیلۆمەترە لە بێستانەوە بۆ خەلەکان و قۆناغی سێیەم لە خەلەکانەوە بۆ دوکانە و لیژنەیەکیش لە قایمقامیەتی رانیە و بەڕێوەبەرایەتی ناحیەی چوارقوڕنە و لایەنە پێوەندارەکانی تر پێکهێنرا بۆ ئەوەی بتوانین زەوی ئەو جوتیارانەی بەر ئەو دووسایدە دەکەوێت زیانەکان و زەویەکان بخەملێنرێت و قەرەبوو بکرێنەوە.

### ئێستاکە حکومەت پلانی تێکدانی دوکانەکانی ناو بازاڕیان نییە

سەبارەت بەو دوکانانەی ناو بازاڕ کە بەر شەقام دەکەوێت و چۆن قەرەبوویان دەکەنەوە قایمقامی قەزای رانیە بەوەکالەت وتی: ئەو پرۆژەیە دەستی پێنەکردووە و لە پلانیشدا نییە ئێستا جێبەجێ بکەین، لەبەر ئەوەی خەڵك و خێزانێکی زۆری ئەو شارە بژێوی ژیانیان لەسەر ئەو بازاڕ و دوکانانەیە، ئێمە تاوەکو بەدیلێکی باش و سەرکەوتوو بۆ خاوەن دوکانەکان دانەنێین ناتوانین دەستکاری بازاڕەکەو ئەو دوکانانە بکەین و ناکرێت بۆ جوانکاری دووسایدێکی ناو بازاڕەکە خەڵك لە کارو ئیش بکەین و بژێوی ژیانیان لێ تێك بدەین.

**کۆمپانیای بەرێز بڕیاربوو ١٨٣٥ یەکەی نیشتەجێبوون دروست بکات، کەچی تا ئێستا تەنیا ٣٢٥ یەکەی نیشتەجێبوونی دروستکردووە**

### مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین قۆناغی یەکەمی لە ٦٠٪ی تەواو بووە

سەبارەت بە مۆنۆمێنتی ڕاپەڕین کە بڕیاری بۆ دەرچوو کە دروست بکرێت قایمقامی قەزای رانیە بە وەکالەت وتی: ئەو پرۆژەیە بە سێ قۆناغ جێبەجێ دەکرێت، قۆناغی یەکەم تەلارسازی و هونەرییە، قۆناغی دووەم هێنانەوەی روفاتی شەهیدەکانە، قۆناغی سێیەم دروستکردنی کافتریاو سەوزایی و پارکێکی مۆدێرنە تیدا، قۆناغی یەکەمی نزیکەی ٦٠٪تەواو بووە و لەپاش تەواو بوونی قۆناغی یەکەم قۆناغەکانی تریش بەرنامەو پلان دانرەو دەست پێدەکات و ئێستاکە ئێمە لە خۆ ئامادەکردنین بۆ فیستیڤاڵێك بەبۆنەی ڕۆژی ڕاپەڕینەوە.

### رانیە یاریگای تۆپی پێی ١١ کەسی نییە

سەبارەت بە کەموکوڕی بواری وەرزشی لە رانیە و گرفتی و کەمی ئاویخواردنە لە ناحیەی سەروچاوە قایمقامی قەزای ڕانییە بەوەکالەت وتی: ئێمە قەرزاری وەرزشکارانی شارەکەمانین کە تا ئێستا نەمانتوانیوە یاریگایەکی ١١کەسی تۆپی پێیان بۆ دابین بکەین و دروست بکەین، لەناحیەی سەروچاوە گرفتی ئاوی خواردنەوەیان نییە، بەڵام گرفتی نزمی ڤۆلتییەی کارەبایان هەیە کە بەم هۆیەشەوە موەلیدەو تۆربایینەکانی کارەبا کار ناکات لەو کاتەشدا ئاو ناگاتە ماڵ و هاووڵاتیان، بۆ چارەسەرکردنی ئەو گرفتەش ئێستا کار لەسەر هێڵی ١٣٢کەی ڤی دەکەن و بەمەش ڤۆڵتیەکە بەرز دەکەنەوەو گرفتەکە کۆتایی پێدێت.

